https://www.doi.org/10.31918/twejer.1922.2

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ڕەنگدانەوەی دەمامکی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی(درز)ی کاکەمەم بۆتانیدا

م. ی. مزەفەر مستەفا ئیسماعیل
زانکۆی سۆران ـ فاکەڵتیی پەروەردە ـ
Mudtafar.ismahil@soran.edu.iq

پ. ی. د. سیروان جەبار ئەمین(زەند)
زانکۆی سۆران ـ فاکەڵتیی ئاداب
sirwan.amin@soran.edu.iq

**پوختە:**

مەبەست لە دەمامک ئەو جۆرە تەرزە سەرەتاییەیە، کە مرۆڤ لە سەرەتای سەرەتاکانەوە دەیبەستێت بۆ ئەوەی لەناو کۆمەڵدا بەو شێوەیە بناسرێت کە خۆی دەیەوێت. ئەم تەرزە سەرەتاییە لەلایەن کارل گۆستاڤ یۆنگەوە باسی لێوەکراوە و شرۆڤە کراوە، بە بڕوای یۆنگ دەمامک چ وەک دیاردەیەک لە ژیان، چ وەک دیاردەیەک لەناو دەقە ئەدەبییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، هەروەها دەمامک و دەمامکردن لە بەرەبەیانی مێژووەوە بووەتە نەستێکی گشتی و لە ئاستی تاک دەرچووە. ئەم دیاردەیە بۆماوەییە و لە ڕێگەی نەستی گشتییەوە بۆ نەوەکانی دواتر دەگوازرێتەوە.

توێژینەوەکە لە دوو بەش و چەند تەوەرەیەک پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا چەمک و پێناسەکانی دەمامک و مەبەستەکانی بەکارهێنانی ڕوونکراونەتەوە و لە بەشی دووەمدا ئەو مەبەستانە و فۆڕمە جیاوازەکانی دەمامک لە ناو دەقی ڕۆمانەکەدا دەستنیشان کراون کە خۆیان لە فۆڕمی ئاینی، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەبیننەوە.

**وشە کلیلییەکان:** دەمامك، نەستی گشتی، پێرسۆنا، فۆڕمە جیاوازەکان، ڕۆمانی درز.

# ڕەنگدانەوەی دەمامکی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی (درز)ی کاکەمەم بۆتانیدا

## پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی دەمامکی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی (درز)ی کاکەمەم بۆتانیدا، واتە هەوڵدراوە جۆرەکانی دەمامک لە ڕۆمانەکەدا دەستنیشان بکرێت و شیکردنەوە بۆ مەبەستەکانیان بکرێت.

دەمامک وەک بابەت و دیاردەیەکی ژیان، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی مرۆڤ و بە شێوەیەکی باو و بەردەوام لە بەرانبەر کەسانی دەوروبەری خۆی و لە چەند فۆڕمێک و بۆ چەند مەبەستێکی جیاواز بەکاریدەهێنێت، هەتا وایلێدێت ناتوانێت خۆی لێ ڕزگار بکات، بۆیە ئەم بابەتە بە دیاردە و بابەتێکی دەوڵەمەند دادەنرێت و لە بەرانبەریشدا کەمی لێکۆڵینەوە لەم بابەتە هاندەر بوو بۆئەوەی ئەم توێژینەوەیە تەرخان بکرێت بۆ شیکردنەوە و خستنەڕووی چەمکی دەمامک لەم ڕۆمانەدا.

لە توێژینەوەکەدا پەیڕەوی ڕێبازی وەسفیی شیکاری کراوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە و لە بەشی یەکەمدا لە ڕووی تیۆرییەوە باسی چییەتی دەمامک کراوە، کە خۆی لە سێ تەوەردا دبینێتەوە. لە تەوەری یەکەمدا، باسی چەمک و زاراوەی دەمامک کراوە و لە تەوەری دووەمدا، باسی مەبەستەکانی بەکارهێنانی دەمامک کراوە کە چەندین مەبەستی جیاواز لەخۆی دەگرێت و لە تەوەری سێیەمدا فۆڕمە جیاوازەکانی دەرکەوتنی دەمامک لە ڕۆمانی "درز"دا ناسێندراون. لە بەشی دووەمیشدا باسی ڕەنگدانەوەی دەمامک لە ڕۆمانی (درز)ی (کاکەمەم بۆتانی) کراوە و فۆڕمە جیاوازەکان شیکراونەتەوە و ئەم فۆڕمە جیاوازانە و مەبەستەکانیشیان لەسەر چەند دەقێکی ڕۆمانی (درز) جێبەجێ کراوە کە فۆڕمی ئاینی، کۆمەڵایەتی و سیاسی بوون و چەندین مەبەستی جیاواز لەخۆدەگرن.

له كۆتاييشدا به چەند خاڵێک ئەو ئەنجامانەی که له میانەی توێژینەوەکەدا توێژەران پێیگەیشتون خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم:

### تەوەرەی یەکەم : ناساندنی دەمامک (Mask)

زاراوەی دەمامک وەکو وشەیەکی فەرهەنگی به واتای داپۆشینی دەموچاو یان داپۆشینی شتێک و شاردنەوەی دێت، بەڵام له چوارچێوەی باسە دەرونناسییەکانی یۆنگدا، "ماسک ڕەوشتێکی نیمچە دروستکراوە، مرۆڤ وەکو ماسکێک له ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا وەریدەگرێت و کەسایەتییە ڕاستەقینەکەی، واته (من)ەکەی خۆی له پەنایدا دەشارێتەوە"(سالمي و آخرون، ١٩٩٨: ١٩٨)، و هۆکاری سەرەکیی ئەم کارەش به دواداچوونی مرۆڤە ڕووەو ئەو بەرژەوەندییانەی که پەیوەستن به تاکەکانی دیکەی کۆمەڵەوە، لێرەدا پەنا بۆ دەمامک دەبرێت و ئەگەر لەناو کۆمەڵگادا نەبێت ڕەنگە پێویست نەکات دەمامکەکە بەکاربهێنێت، دواجار مرۆڤیش هەر لەناو کۆمەڵدا دەژی و ژیانی بەڕێدەکات, بۆیە دەتوانین بڵێین "ماسک ئەو جۆرە کەسایەتییەیە که گشتییە و بەشێکە که مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا بەکاریدەهێنێت، واتا وەک ئەو ماسک و ڕووپۆشە وایە که مرۆڤ بۆ ڕازیکردن و وەڵامدانەوەی کۆمەڵ دەیپۆشێ و له کاتی پێویستدا پەنای بۆ دەبات", (قەرەچەتانی، ٢٠٠٥: ١٣٩) ئەمەش لەبەرئەوەیە که ڕەنگە دەرکەوتنی مرۆڤ وەکو خۆی کۆک نەبێت لەگەڵ تێڕوانینی دەوروبەر و لەم کاتەشدا بەرژەوەندییەکان و تەنانەت ڕەنگە ژیانی ئاسایی مرۆڤیش ئاستەنگ و کێشەی بێتە پێش. به گشتی یۆنگ ڕای وایە مرۆڤیش هاوشێوەی ئەکتەرەکانی دراما و فیلمەکان له ژیانی خۆیدا سەرقاڵی نواندنە و زۆرجار بۆ دۆزینەوەی خودی ڕاستەقینەی ئەو مرۆڤە پێویستە نواندنەکەی وەلاوەبنرێت.

دەمامک ئەو سیمایەیە که مرۆڤ له ڕێگەیەوە خۆی بۆ دەوروبەر دەخاتەڕوو، به واتایەکی تر خۆی بۆ دنیای دەرەوە ئاشکرا دەکات و ئەم کردەیەش بەرەبەرە دەبێتە بەشێکی لێکجیانەکراوەی دەروونی مرۆڤ، بۆیە

یۆنگ پێی وایە "پێرسۆنا* دەمامکێکە پیشانی کۆمەڵگا و جیهانی دەرەکی دەدەیت و لەوێوە بەر ئەو جیهانە دەکەوێت. ئەم تەرزە سەرەتاییە لە ساتەوەختی کامڵبوون و پێگەیشتنی کەسێتیماندا دەبێت بە بەشێک لە پێکهاتەی دەروونیمان و لەگەڵماندا دەمێنێتەوە..."(یۆنگ، ٢٠٠٥: ١٧ـ ١٨)، بەم پێیە دەمامک خودی ڕاستەقینەی مرۆڤ نییە و بارێکی ساختەیە و تێگەیشتنێکی دیکەی جیاوازە کە لەبارەی مرۆڤەوە دروست دەبێت بەڵام هەندێکجار بەکارهێنانی دەمامک ئەوەندە دووبارە و بەردەوام دەبێتەوە کە دەبێتە ناسێنەری سەرەکیی کەسێتییەکان.

تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک هەژمووونی کۆمەڵگاکەی خۆیان بە سەرەوەیە، تاکەکان لەبەر کۆمەڵگا هەندێک شت ناکەن و زۆر شتیش لەپێناو کۆمەڵگادا ئەنجام دەدەن. زۆرجار کەسایەتی تاکەکان لە ناو کەسایەتی کۆمەڵدا دەتوێتەوە. ڕایەڵی دەمامکەکان لە کۆمەڵەوە بۆ تاکەکان دێت و دواتر بۆخۆی دەگەڕێتەوە، چونکە تاک و کۆمەڵ تەواوکەری یەکترین و تاکیش هەر لەناو کۆمەڵدا دەبێت و هەندێک جاریش کۆمەڵ دەمامکەکە بەسەر تاکدا دەسەپێنێت و پەیوەندییەکە هەندێک ئاڵۆز دەبێت، یۆنگ دەڵێت: "لە ڕاستیدا دەمامک کۆمەڵێک پەیوەندی ئاڵۆزە لە نێوان هەستی تاکە کەسی و کۆمەڵدا، بۆ چەند ئامانجێکی تایبەتی ساز و لەبارە، تاک دەیپۆشێ یان دەخرێتە ناوی و سەرنجی ڕادەکێشێت بێ ئەوەی خۆیشی پێی بزانێت..."(یونغ، ١٩٩٧: ١١٧).

بە بڕوای یۆنگ بەکارهێنانی دەمامک دوو دیوی هەیە و دەکرێت لە هەندێ کاتدا ئەرێنی بێت و لە هەندێ کاتی تردا نەرێنی بێت. ناوبراو ڕای وایە کە زۆرجار هەڵبژاردنی دەمامک بەواتای هەڵبژاردنی دیوێکی بەرزتر و جوانتر لەو واقیعەی کە لە لای مرۆڤ هەیە دێت و ئەمەش دواجار مرۆڤ هاندەدات خۆی بەرەو باری دەمامکەکەی بگۆڕێت و بگونجێنێت و هەروەها زۆرجار ئەم دەمامکە بۆ خۆگونجاندن و دروستکردنی کەش و هەوایەکی لەبارە بۆ پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی و لەم کاتانەدا بەکارهێنانی دەمامک بە ئەرێنی تەماشا دەکات، بەڵام ئەگەر هاتو ئەم دەمامکە بووە هۆی بزربوونی کەسێتی ڕاستەقینە و

مرۆڤ خۆی لە بیر بکات و تەنیا لە بیری ڕۆڵ بینین بێت، ئەوا ئەمە بە زیانی مـرۆڤ و کۆمەڵگـا دەشـکێتەوە و لەبەرئەوەی ئەو کەسـێتییەی کە لە ئەنجـامی بەکارهێنـانی ئەم دەمـامکەوە بەرهەم دێـت نـاواقعی و ناڕاسـتە بـۆیە بە دیـوی نەرێنی بەکارهێنانی دەمامک لە قەڵەم دەدرێت (مورنو، ١٣٨٦: ٦٦_٦٧).

هەروەها یۆنگ ڕای وایە کە دوو جۆر بەکارهێنانی دەمامک لە لای مرۆڤ هەیە ئەوانێش هۆشیارانە و ناهۆشیارانەیە، بەو واتایەی کە هەندێکجار مرۆڤی بەکـارهێنەری دەمامـک هۆشـیارانە جۆرێـک دەمامـک هەڵـدەبژێرێت و بـۆ مەبەسـتێکی تـایبەت بەکاریـدەهێنێت و خـودی خـۆی لەم پرۆسـەیە بەئاگـایە، لە بەرامبەردا هەندێکجار مرۆڤ بێئاگایانە خۆی لەگەڵ بەرگی دەمامکێک لێ تێکەڵ دەبێت و بێئاگایە بە هەبوونی ئەم کردەیە و بەمەش خودی ڕاستەقینەی خۆی لێ بزر دەبێت و ئەم جۆرەیان زیاتر لە فۆڕمی نەخۆشییە دەروونییەکاندا بە دیار دەکەوێت (یونگ، ١٣٧٩: ٢٦٩_٢٧١).

**تەوەرەی دووەم:**

**مەبەستەکانی بەکارهێنانی دەمامک:**

مـرۆڤ بەردەوام لە یەک هەڵـومەرج و بـارودۆخی جێگیـر و دیـاریکراودا ناژیت و خۆی بۆ دەوروبەر بەدیار ناخات، بۆیە بەپێی هەڵومـەرجی تاکەکان لـە نـاو کۆمەڵدا دەمـامکیش دەگۆڕیت و بەم پێیەش "مـرۆڤ بـەپێی بارودۆخی جیاواز ماسکەکانی خۆی دەگۆڕێت و هـەرجارە و وێنەیـەک نیشـانی دەرەوەی خۆی دەدات، واقیع دەوری لـە چۆنایـەتی ئـەو دەمامکەی مرۆڤەکە دەیپۆشـێ, هەیـە" (عەبـدوڵڵا، ٢٠١٣: ٢٢)، کەواتـە مـرۆڤ دەتوانێـت زیـاتر لـە دەمامکێـک بەکاربێنێت، هەرچەندە دەمامکەکان زیاتر بن کەسایەتی ئـەو مرۆڤە لـە بەرانبەر خەڵکدا ئاڵۆزتر دەبێت و ناسینەوەی کەسێتیی ڕاستەقینەی ئەستەمتر دەبێت.

هەرچەندە دەمامکەکان زیاتر بن، ناسینەوەی ئەم کەسایەتییە لەناو کۆمەڵدا زەحمـەتتر دەبێت، لـەم حاڵەتەشـدا تـەنها هێزێـک ڕێنـوێنی تاکەکـە ناکـات، بـەڵکو

زیاتر لە هێزێک لە هەناوی تاکەکەدا هەیە و کەسایەتی هەمەجۆر بۆ تاک دروست دەکات، ئەم تاکەش ئەم جۆرە کەسایەتییانە یان ڕاستتر بڵێین ئەم دەمامکانە بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ واقیعدا بەکاردەهێنێت. یۆنگ پێی وایە ئێمە ئەو ڕۆڵە ناگێڕین و ئەو هەڵوێستانەش نین کە دەیانگرینەبەر، بەڵکو ئەوە دەمامکە, کە بە بەردەوامی ڕووبەڕووی هەڵوێستە جیاوەزاکان دەبێتەوە و ئەمەش وادەکات کە مرۆڤەکان بۆ ڕزگاربوون لە دەمامک ئاستەنگی زۆریان بێتە پێش. ژیانکردن لە واقیع و هەروەها لەوانەیە پۆشینی دەمامک ببێتە داب و نەریت، ئەمەش یەکێکی ترە لە تواناکانی بەشەرییەت، لێرەدا ئەم ڕزگارنەبوونە لە دەمامک بۆ کەسە دەمامکدارەکان و کۆمەڵیش بە گشتی وەکو یەکە، واتە نە کەسە دەمامکدارەکە دەتوانێت خۆی لە پۆشینی دەمامک ڕزگار بکات و نە ئەوانی تریش بە ئاسانی دەتوانن کەسە ڕاستەقینەکە و کەسە دەمامکدارەکە لە یەکتری جیابکەنەوە (هەڵبەتە دەبێت لێرەدا ئاگاداری ئەوەبین کە چەندە کەسی دەمامکدار، کەسی نەناسراوبێ، کەسەکانی دیکەی کۆمەڵیش ئەوەندە دەمامکدار و دواجار بۆ دەوروبەریان نەناسراو دەبن). "زۆربەی ئەوانەی ڕاهێنەری ژیانن جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئەو دەمامکەی دەیپۆشن وەکو داپۆشەرێکی سەلامەتی وایە کە بۆ چەند مەبەستێک بەکاردێت:

١. بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی
٢. بۆ شاردنەوەی بەختەوەری
٣. بۆ شاردنەوەی لاوازی
٤. بۆ شاردنەوەی ڕاستی
٥. بۆ شاردنەوەی ترس
٦. بۆ شاردنەوەی توڕەیی
٧. بۆ شاردنەوەی خەم و خەفەت
٨. بۆ شاردنەوەی پەستی و بێزاری
٩. بۆ شاردنەوەی ئازار
١٠. بۆ هەڵخەڵەتاندن
١١. بۆ یاری پێکردن" (الأقنعة المختلفة، ٢٠١٢: ...)

ئەگەر سـەیری ئـەو خاڵانـەی سـەرەوە بکـەین دەبینـین هـەر هـەموویان بـۆ بەڕێکردنی ژیانن بەو ئاراستە و ئامانجەی تاکەکە دەیەوێت.

**تەوەرەی سێیەم: فۆڕمە جیاوازەکانی ڕەنگدانەوەی دەمامک**

مرۆڤەکان زیاتر لە کایە سەرەکییەکانی ژیاندا کە زۆرتر پەیوەستە بە بوون و ژیـانی ئەوان پەنـا بـۆ پۆشـینی دەمامـک دەبەن, چـونکە بەشـی هەرە زۆری بەرژەوەندییەکانیان لەم چوارچێوانەدا کۆ دەبێتەوە, بۆیە دەمامک بە زۆری لە فۆڕمی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەرچاو دەکەوێت.

١ـ فۆڕمی ئاینی: ئـاین بـە شـێوەیەکی گشـتی لایـەنێکی گرینگـی دەروونـی مرۆڤەکانە و بە داینەمۆی بزوێنەری ڕۆحی زۆرێک لە مرۆڤەکان دادەنرێت. لـەم گۆشـەنیگایەوە مرۆڤەکان یاوەری تەواویان بە ئاین و پیاوانی ئاینی هەیە. گەلێک جاریش مرۆڤەکان لە پەنای ئـەم ئاینـەدا فێڵ لـە خـەڵک دەکەن, واتـە دەمـامکێکی ئـاینی بـەکاردێنن بـۆ گەیشـتن بـە مەبەسـتەکانی خۆیـان، مەبەسـتەکانیش جۆراوجۆرن، وەک لە پێشدا ڕوونمان کردەوە کە بەکارهێنانی دەمامک بۆ چەند مەبەسـتێکی جیـاواز و لـە فـۆڕمی جیـاوازدا بـەکاردەهێنرێت، دەشـێت ئـەو مەبەستانەی باسمان کرد لە فۆڕمێکدا جێگایان ببێتەوە. بۆنموونە ئەگەر کەسێک لـەژێر بـەرگی مەلایەتیـدا فێڵـی لـە خـەڵک کـرد ئـەوا دەمامکەکـەی لـە فـۆڕمێکی ئاینیدایـە, و بۆ مەبەسـتی هەڵخەڵەتانـدن بـەکاری هێنـاوە، یـان ئەگـەر لـە بـەرگی قەشـەیەکدا بیـەوێت کێشـەیەک دابپۆشـێ ئـەوا دەمـامکێکی لـە فـۆڕمی ئاینیـدا بەکارهێناوە بۆ مەبەستی شاردنەوەی ڕاستی و حەقیقەت...هتد.

٢ـ فـۆڕمی کۆمەڵایـەتی: تاکەکـان لە نـاو کۆمـەڵگەدا لـە دەوری یـەکتری کۆبوونەتەوە و بەیەکەوە دەژین، بەمەش کۆمەڵگە "کۆمەڵێک خەڵکن لە شوێنێکی جوگرافی دیاریکراو نیشـتەجێن. بەرژەوەنـدیی گشـتی و حـەز و بۆچوونـەکانیان کۆیـان دەکاتـەوە و بـەرەو یـەکگرتوویی ڕایـان دەکێشـێت" (سـالمی و آخـرون، ١٩٩٨: ٢١٧)، لەبەرئەوەی مرۆڤ بە تەنیا ناژیت و پێویستی بە دەست و فیکری یەکتری هەیە، بۆیـە بە مـرۆڤ دەگوترێ بوونـەوەرێکی کۆمەڵایـەتی، هـەر لـەم

ڕوانگەیەوە تۆماس ئیلیۆت Thomas Eliot کۆمەڵ وا دەناسێنێت کە: "کۆمەڵێک خەڵک یارمەتی یەکتری دەدەن بۆ بەجێگەیاندنی هەندێک لە بەرژەوەندییەکانیان، کە خود دەپارێزێت و بەردەوامیش بە جۆر دەدات" (رشوان، ٢٠١٠: ١٤) و لێرەوەیە کە بابەتی دەمامک و دەمامک پۆشین وەکو کردەیەک دێتەکایەوە.

تاکەکان لەناو کۆمەڵدا جۆرەها دەمامک دەپۆشن و بۆ جۆرەها مەبەست بەکاریدەهێنن هەتاکو وای لێدێت ناتوانێت خۆی لێ دابماڵێت، ماسک لە فۆڕمی کۆمەڵایەتیدا بۆ چەندین مەبەست بەکاردەهێنن. بۆ نموونە ڕەنگە ئافرەتێک لە کاتی ئەوپەڕی غەمباریدا لە ڕێگەی خۆڕازاندنەوە و مکیاجکردنەوە بە شاد و دڵخۆش خۆی پیشانی مێردەکەی بدات، کەواتە ئافرەتەکە دەمامکی بەکارهێنا لە فۆڕمی کۆمەڵایەتی بۆ مەبەستی شاردنەوەی ئازار و دڵتەنگی، یان پیاوێک تووشی کێشەیەک دەبێت و ناتوانێت کێشەکە چارەسەر بکات واتە لە بەرانبەر ئەو کێشەیەدا بێهێز و لاوازە, کەچی لەناو خەڵک و لە لای خێزانەکەی خۆی وا دەردەخات کە بەهێزە، بۆ نموونە ڕەنگە پیاوەکە لە کارەکەیدا کەسێکی سادە و بەردەست و بێ دەسەڵات بێت و تەنیا فەرمانی ئەوانی تر جێبەجێ بکات, بەڵام لە ڕێگەی هەندێ چیرۆک گێڕانەوەی ساختەوە خۆی بە پێچەوانەوە پیشانی خێزانەکەی بدات، واتە دەمامکێکی بەکارهێنا لە فۆڕمی کۆمەڵایەتیدا بە مەبەستی شاردنەوەی بێهێزی و لاوازی. بە شێوەیەکی گشتی هەر جۆرە خۆنیشاندانێکی ساختە و ناڕاست بۆ دەوروبەر لە پێناو کایە و بەرژەوەندییەکی کۆمەڵایەتی، دەچێتە خانەی بەکارهێنانی دەمامکی کۆمەڵایەتییەوە.

٣ــ فۆڕمی سیاسی: پێشتر سیاسەت تەنیا لەلایەن دەوڵەتمەداران و سیاسەتمەداران و مافناسان و فەیلسوفانەوە کاری لەسەر دەکرا و بەڕێوەدەبرا, بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی دیموکراسی نوێ و ناسیۆنالیزمدا ئەم قۆرخکارییە هەڵوەشایەوە و سیاسەت بووە کاری هەمووان و کۆی تاکەکانی کۆمەڵگە تێیدا بەشداربوون و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵکی زیاتر هۆشیاریی سیاسییان پەیدادەکرد و بەشداریان لە ڕەوتە سیاسییەکاندا دەکرد، بەمەش چیدیکە سیاسەتمەداران و سەرجەم ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان

سەروکاریان لەگەڵ سیاسەتدا هەبوو نەیاندەتوانی بایەخ بە قسە و ڕاوبۆچوونی خەڵکی نەدەن و حەز و داواکارییەکانیان پشت گوێ بخەن (عبدالرحمن عالم، ۱۳۹۱:۲۱) و لێرەوە دەرگا بۆ بەکارهێنانی دەمامک لە پێناو ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک و ڕازیکردنیان کرایەوە و ئیدی بە پێی هەلومەرج و کات و شوێنە جیاوازەکان سوودیان لە دەمامکی جیاواز وەردەگرت و فۆڕمێکی دیکە بەناوی فۆڕمی سیاسیی دەمامک هاتە کایەوە، بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ بەشداری لە کایە سیاسییەکانی وڵاتدا بکەن, بەردەوام هەوڵ دەدەن بە دەمامکێکەوە خۆیان بۆ جەماوەر بخەنەڕوو کە جێی ڕێز و خۆشەویستیی هەمووان بێت, واتە لەم کاتەدا هەمیشە خاکفرۆش و ناپاکەکانیش وەکو مرۆڤی دڵسۆزی خاک و نەتەوە و نیشتمان خۆدەنوێنن و لە ڕێگەی ئەم نواندنەوە پەردەپۆشی خودی ڕاستەقینەیان دەکەن و بەمەش خۆشەویستی و متمانە و دەنگی جەماوەر بەدەستدەهێنن و ئەمەش دەچێتە خانەی دەمامک لە فۆڕمێکی سیاسیدا.

## بەشی دووەم: فۆڕم و مەبەستەکانی بەکارهێنانی دەمامک لە ڕۆمانی (درز)ـی کاکە مەم بۆتانیدا.

هەروەک باسمانکرد مەبەستەکانی بەکارهێنانی دەمامک زۆر و جۆراوجۆرن، بەڵام مەرج نییە هەر هەموویان لەو ڕۆمانەی کە ئێمە بۆ توێژینەوەکەمان هەڵمانبژاردوە ڕەنگیان دابێتەوە، لە لایەکی تریشەوە زۆربەی مەبەستەکان دەچنەوە ناو یەک فۆڕم، واتە دەکرێت بڵێین لە فۆڕمی ئاینیدا زۆربەی مەبەستەکان جێگایان دەبێتەوە. لە فۆڕمی کۆمەڵایەتیدا کە لەم ڕۆمانەدا پشکی شێری بەرکەوتووە زۆربەی مەبەستەکان هەن. فۆڕمی سیاسیش هەندێک لە مەبەستەکان لەخۆدەگرێت، بۆیە ئێمە ناچارین بۆ ڕێکخستن و پۆلێنکردنی بابەتەکەمان جارێکی تر فۆڕمەکان بنووسینەوە و ئاماژە بەوە بکرێت کە هەریەکەیان بۆ چ مەبەستێک بەکارهاتوون؟

١ـ فۆڕمی ئاینی و سیاسی: دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بۆمان دەرکەوت کە نووسەر هێندە بە لای بابەتی سیاسی و ئاینیدا ناڕوات هەتاوەکو وەکو

دەمامک لە ڕۆمـانەکەدا بەدیـار بکەون. ئەوەی زیـاتر ڕۆمـانەکە کـاری لەسـەر کردوە ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی ژیانە، بۆیە ئێمەش سـەرنجمان خستووەتە سـەر ئەم ڕەهەندە و ئەو دەمامکانەی کە لەم ڕووەوە بەرچاو دەکەون.

٢ــ فـۆڕمی کۆمەڵایــەتی: کۆمەڵگــە وەکــو جــوغزێکی فــراوان جێگــای هەمووماني تێدا دەبێتـەوە، جـەنجاڵیی ئـەو کۆمەڵگایـەش وایکردووە کـە چەندین کێشـەی کۆمەڵایـەتی و بۆنـەی خـۆش و ناخۆشـی تێدا بگوزەرێت، هـەرکاتێک مرۆڤـەکان ویسـتبێتیان دەمامـک بکـەن ئـەوا بـۆ مەبەسـتێک لـە مەبەسـتەکان بەکاریدەهێنن، هـەتا وایلێدێت نەتوانن خۆیـانی لێ ڕزگـار بکـەن و لـە نەستیاندا بمێنێتـەوە و هـەر لـە ڕێگـەی نەسـتی گشـتییەوە بـۆ نـەوەکانی تـر بگوازرێتـەوە. سەبارەت بە چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی فۆڕمە کۆمەڵایەتییەکەی دەمامک لەناو دەقی ڕۆمانەکەدا، ئـەوا دەتـوانین بڵێین کـە هەندێک جـار لەسـەر زمـانی کارەکتەرەکە خۆیەوە دەزانین کە ئەو کارەکتەرە دەمامکی کردووە لـە فۆڕمی کۆمەڵایەتیدا و مەبەستەکەیشی ئاشکرا دەبێت، جا ئـەو کارەکتـەرە هەندێک جار وڕێنە دەکات یان خەیاڵ دەکات و مۆنۆلۆگ دەکات بە هـەردوو شێوەی دەرەکی و نـاوەکی بۆمـان دەردەکـەوێت کـە دەمـامکی کـردووە. هەنـدێک جـاریش لەسـەر زمـانی کەسێکی تر دەزانین کە کارەکتەرێک دەمامکی کردووە لـە فۆڕمی کۆمەڵایەتیدا، ئەو کەسەش یان کارەکتەرێکی ناو ڕۆمانەکەیە یان نووسەر خۆیەتی.

لـە سـەرەتای ڕۆمـانەکەدا هـاتووە: "خۆشـی گەشـابۆوە و بـەرەو باشـتر دەچوو. هەندێک جار گاڵتەشی دەکرد. ڕووداوە تاڵەکانی فەرامۆش دەکرد. لـەو شـوێنانە دوور دەکەوتـەوە کـە پێی زویـر دەبـوو. بەختیـار بـوو، بەڵام کـزی و مەلوولی بوو بووە سیمای. کە داڵغەی دەڕۆیشت و بە ناو خۆیا شـۆڕ دەبۆوە، ون دەبوو"(بۆتــانی، ١٩٩٧: ٣)، لێــرەدا ئەم کــارەکتەرە لە نێــوان دوو بـــاری ڕابردووی تاڵ و ئایندەیەکی خۆشدا لە جوڵەدایە و تەنانەت لەو شوێنەشدا کە ڕووخـۆش بەدیـار دەکەوێـت، هەسـت بەوە دەکرێـت کە ئەمە ڕووپۆشـێکە و ئازارەکـانی ژێـرەوەی هێشـتا بە تەواوی سـاڕێژ نەبـوونەتەوە. لەسـەر زمـانی

گێڕەرەوەی هـەموو شـتزان دەزانـین کـە ئـەو کارەکتـەرە دەمـامکی کـردووە لـە فۆڕمی کۆمەڵایەتیدا بۆ مەبەستی شاردنەوەی خەم و خەفەتەکەی نێو ناخی.

هەروەها لەسەر زاری هەردوو کارەکتەری سەرەکی (پیرەر) و (پیربال) کە هاوڕێی منداڵین و گلەیی و گازاندە لـە یـەکتری دەکـەن و دەردە دڵ بـۆ یـەکتری دەکەن، (پیرەر) کە دکتۆرە قسەی خۆش بۆ هاوڕێکەی دەکات, بەڵام لـە ناخـەوە دەڵێت: "دەردی خۆی دەزانێ و چارەشـی ناکـا. چەنـد سـاڵە دەرچـووم تـا ئێسـتا بەلاما نەهاتووە، لە دوکان و ڕێیان دەیگرم. بە قسە دەیگەوزێنم. پشتی لە زەوی ناکەوێ"(بۆتانی، ١٩٩٧: ٤). (پیرەر) لە سەرەوە ئاسـایی گاڵتـە لەگـەڵ هاوڕێکـەی دەکـات و لـە ژێـرەوەش گلـەیی لێدەکات و سەرزەنشـتی دەکـات، لێـرەدا ئـەم کـارەکتەرە دەمــامکی بــەکارهێناوە لــە فــۆڕمی کۆمەڵایەتیــدا، بــە مەبەســتی شاردنەوەی پەستی.

دیســانەوە هــەردوو کارەکتــەرە ســەرەکییەکە دەکەونــە مشــتومڕ و بــە بیرهێنانەوەی ڕابردوو، تا کار دەگاتە ئەوەی (پیربال) بە دکتۆری هاوڕێی دەڵێت: "ئەم خۆگێل کردنەی بۆ چییە دەترسم پێم ڕابوێری؟ کـەس نییـە هـاتوچۆی ئـەم شارەی نەکردبێ، بە سەدەها کارەساتی تونەکەی نەبیستبێ..."(بۆتانی، ١٩٩٧: ٧)، لێرەشدا جارێکی تر پەردە لەسەر دەمامکی پێشو هەڵدەماڵرێت و ئەم جارەیان لە لایەن دکتــۆری هــاوڕێیەوە ئامــاژە بە خــۆگێلکردنەکەی دەکــات کە وەکــو دەمامکێــک ئەوی لە خــودی خــۆی جیــاکردووەتەوە، واتــە لەســەر زاری کارەکتەرێکەوە دەزانین کە کارەکتەری بەرانبەر دەمامکی کردووە کە لە فۆڕمی کۆمەڵایەتی دایە و بەمەبەستی شـاردنەوەی ڕاسـتی و حەقیقـەتێکی مێژووییـەوە ئەم دەمامکەی کردووە.

لە شوێنێکی تردا لەسەر زاری گێڕەرەوەی هەمووشـتزاندا هـاتووە: "پیـرەر پتـر خـۆی دا گێلـی. لەژێریشــەوە پتـر لێـی ورد دەبـۆوە لـە ناخیشـیا دەیپرسـی نەناسیار بێ نـە خـۆت تیـا شووشـتبێ... بۆ ئەوەنـدە پـەرۆشـی حەمامەکـەی؟ چ پەیوەندییەکت پێوەیە؟... بۆ شتە عەنتیکەکانی تری نەپرسی؟..."(بۆتانی، ١٩٩٧: ٦)، لەم دەقەدا دەبینین کە هەردوو شێوازەکە بەکارهاتووە، لە لایەکەوە گێڕەرەوەی

هەمووشـتزان باسـی کەسـێک دەکـات کـە نـاوی (پیـرەرە) و دواتـر پیـرەریش لە ڕێگەی خۆدواندندا خەیاڵ دەکات و دەمامک دەکات لە فۆڕمی کۆمەڵایەتیدا و بە خۆلەگێلیدان خـۆی بە جـۆرێکی جیـاواز لە بـاری ڕاسـتەقینەی نـاخی خـۆی پیشـــانی دەوروبەر دەدات کە ئەمەش بـــۆ مەبەســـتی شـــاردنەوەی پەســـتی (الأكتئاب)ە.

لەلایەکی ترەوە پیربالەچشە بۆشاردنەوەی نەخۆشییەکەی خۆی بەدزییەوە حەب دەخوات و لە ڕۆمانەکەدا هاتووە: "هاواری بێدەنگی لـە بیری پیربالەچشـە بـەرپابوو بـە دزییـەوە (ڤالیۆمێکی) تـری هەڵدا. لـە گێـژاوا جەنگەیـدا. تارمـایی سامناکی و تـاریکی ڕابردوو ئەجەلیان پێبوو. گوێزی دەست و دانە تیژەکانی سمۆرە بوو. تا دابـەزی و چووە ژوورەوە ورتـە لـە دەمی نەهاتـە دەر"(بۆتـانی، ١٩٩٧: ٨)، و بـۆ ئـەوەی خـەڵک هەسـت بـە نەخۆشـییەکەی نەکـەن، لە بەرگـی مرۆڤێکی تەندروسـتدا خۆدەنوێنێت بـۆیە بەدزییـەوە و دوور لە چاوی خەڵکی دەرمـانەکەی دەخـوات، بەمەش بۆ خۆدەرخسـتن لە شـێوەیەکی جیا لە خـودی ڕاسـتەقینەی دەمـامکی بەکارهێناوە کە لـە فۆڕمی کۆمەڵایەتیدایـە بۆ مەبەسـتی شاردنەوەی ئازار و نەخۆشییەکەیەتی.

هەندێکجار بێهێزی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی، مرۆڤ لە بارێکی تایبەتدا دەخاتە مەترسـییەوە، بـۆیە دەبینـین کارەکتـەری سـەرەکیی ڕۆمـانەکە لەبـەر ورێنـە و بیرکردنەوە بێهێز بووە، بـەڵام لەبـەر چاوی دراوسـێکەی وا خـۆی دەرناخـات و وێنەیەکی تەواو پێچەوانەی ئەمە بۆ ئەو دەخـاتەڕوو و لە ڕۆمـانەکەدا هـاتووە: "زۆری لـەخۆی دەکـرد تـا دەڕابـە دادەداتـەوە و تەکسـییەک دەگـرێ، نـەڕمێ و دراوسـێیکەی پێخـۆش نـەکا..."(بۆتانی، ١٩٩٧: ١٠)، وەکـو دەبینـین کارەکتەرەکـە خۆی لاواز و بێهێزە، بەڵام نـایەوێ دراوسـێکەی بەم جۆرە ببینێت و دەمامـک دەکـــات و خـــۆی وا نیشـــان نـــادات، ئـــەم دەمـــامکەیەش بـــۆ دروســـتکردنی کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتییە بە مەبەستی شاردنەوەی لاوازی بەکارهێنراوە.

هەروەهـا لەسـەر زاری گێـڕەرەوی هەمووشـتزانەوە دەزانـین کـە (خانـە)ی خێزانی پیربالەچشە لە دوالیزمیدا دەژی، لە لایەکەوە لەگـەڵ مێردەکـەی دەژی و

لـە دەرەوە وا دیـارە کـە بـێ کێشـە و گـرفتن، لـە لایـەکی تریشـەوە بێـزارە، لە ڕۆمـانەکەدا هـاتووە: "سـەماوەری سـەرزەنشـتی خانـە جـۆش دەدرا. هەمانـەی تـوڕەی دەکرایـەوە. پیربـاڵ وەڵامـی نەدایـەوە. خانـەی بێهـاودەم، کـەس نـەبوو سکاڵای بۆ بکا و ئاڵۆزییەکانی بۆ بکاتەوە. بە ناوخۆیا دەرِشـایەوە، دەهـەژا... لـە پاشـــەڕۆژی تـــاریکی دڵـــی دادەخورپـا. داوی دووفاقـــە، لێوبـــەباری کردبـــوو، دەیتاساند. ڕووی زەردی، چاوی بە قوڵا چوو، بـەژن و بـاڵا و سـیمای جوانی شـاردبۆوە. سـەرەتای یـاخیبوونی دەبێژرا..."(بۆتـانی، ١٩٩٧: ١٢)، بە پێـی دەقـی دواتر بۆمان دەردەکەوێت کە ئـەم کارکتـەرە ئافرەتـە لە دوو فاقییەکدا دەژی و دەمامکی کردووە, کە لە فۆڕمی کۆمەڵایەتیدایە و بۆ ڕاگرتنی بـارێکی خێزانییە. خۆگونجاندن لە بـازنەی خێزانێکدا و ڕاگرتنی هاوسـەنگیی بەرژەوەندییەکان لە نـاو ئەو چوارچێـوەیەدا مـرۆڤ ناچـاری پۆشـینی ئەم جـۆرە دەمـامکە دەکـات، چـونکە مرۆڤەکـان، خێـزان و کێشـە خێزانییەکـان، بەردەوام وەکو ڕازێکی تەنیا پەیوەسـت بە خۆیـان تەماشـا دەکەن و نایانەوێت کەسـی تـر بەشـدار بێت لەم هەموو ئەو شتانەی کە لەم بـازنەیەدا ڕوودەدا, بۆیە لـە دیمەنێکی تردا هـەمان کارەکتەر واتە (خانە)ی خێزانی پیربـاڵ لە بەرانبـەر دەوروبـەریـدا نهێنیی دەردی مێردەکەی پەردەپۆش دەکات و وەکو گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە بۆمانی دەگێڕێتەوە: "لە کۆڵانەکەیا توشی پورە (مەنیج) بوو، کە بۆ لای ئەوان دەیکوتا بەدەم ڕێگاوە، پێشـوازی گـەرمی لێکرد. لـە دڵیشـەوە پێـی نـاخۆش بـوو نهێنـی دەردی مێردی بکەوێتە ڕوو..."(بۆتانی، ١٣:١٩٩٧)، واتە (خانە) لەسـەرەوە خۆی وا نیشاندا کە بە بینینـی پـورە مـەنیج خۆشـحاڵە کەوا بـۆ لای ئەوان هـاتووە، بـەڵام لـە دڵـەوە هەسـتێکی دیـکەی هەیە و بـۆ شـاردنەوەی ئەم هەسـتەی لە پـورە مەنـیج بە دەمـــامکی خۆشـــحاڵبوونەوە پێشـــوازی لێـــدەکات, چـــونکە گەر وا نەکـــات هەڵسـوکەتەکەی دەبێـتە پێشـێلکردنی بەهـا کۆمەڵایەتییەکـان و ڕەنـگە زیـان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بگەیەنێت.

هەندێکجار دەستنیشانکردنی دەمامک کارێکی زۆر ئەستەم و ئاڵۆز دەبێت و تەنـانەت خـودی مرۆڤـی هەڵگری دەمـامکیش خـودی ڕاسـتەقینەی خـۆی و دەمامکەکـانی کە لە ژیـانی ئاسـایی ڕۆژانەیـدا دەیپۆشـێت بە ئاسـانی پێـی

لێکجیاناکرێتەوە، بەڵام هەندێ کاتی تر کەسانی بەرانبەر لە ئەنجامی جیاوازی هەڵسوکەوت و گوفتارەکانەوە دەتوانن دەمامکی کەسانی تر دەستنیشان بکەن. لە ڕۆمانەکەدا لەسەر زاری کارەکتەرێکەوە دەردەکەوێت, کە کەسی بەرانبەر لە ڕابردوودا دەمامکی بەکارهێناوە، کارەکتەری یەکەم کە خانەی خێزانی پیربالە دەڵێت: "ئەمەشیان لە بن سەرا بوو؟ ئەی بۆ دەڵێن درۆ ناکا... لەمە زلتر... ئاوای لێهاتبێ و باسی نەکردبێ... وتیان گرانەتای گرتووە کێ هەیە نەیگرتبێت؟ بەڵام شێتی! ... چەند پیاوێکی ڕاستگۆیە... دەترسم شتەکانی تریش هەروابێ. دزێکی گەورە. داوێن پیسێکی..."(بۆتانی، ١٩٩٧: ١٤)، ئەم جۆرە دەمامکەش لە فۆرمی کۆمەڵایەتیدایە، بۆ مەبەستی شاردنەوەی ڕاستی بەکارهاتووە.

دەمامک جۆرێک لە دووفاقی بە دوای خۆیدا دەهێنێت و هەندێکجار ئاشکرابوونی دووفاقی تەنانەت بۆ خودی خاوەن سیفەتەکەش کارێکی پڕ لە ئازارە و لە ڕۆمانەکەشدا هاتووە: "ترسی دووفاقی بینە قاقای خانەی جەراندبوو پیاهەڵدانی گوڵ و درەخت و سەوزایی لە خۆی حەرام کردبوو. بیرە یاخییەکانی توڕ هەڵدا و هاواری بۆ پیربالی هاوسەری برد و لێی پاڕایەوە ئەوەندە بێ باک نەبێ و خۆی پشتگوێ نەخا و سەر لە دکتۆری دەروونی بدا..."(بۆتانی، ١٩٩٧: ١٧)، بەم پێیە دوالیزمی یان دووفاقی خۆی لە خۆیدا دەمامکێکە و لێرەدا لە فۆرمێکی کۆمەڵایەتیدا بەرجەستەبووە.

دەمامک هەموو دەم بەرگێکی ئارەزوومەندانە نییە کە مرۆڤ بە هۆشیارییەوە لە بەری بکات، بەڵکو دەرکەوتنی کەسەکان لە دوو یان چەند هەست و هەڵوێستی جیاوازدا کارێکی سەپێندراوی دەرەوەی ویستە و خودی خاوەن دەمامکیش ناتوانێت بە ئاسانی لەم دوو وێنە جیاوزەی خۆی تێبگات و ڕاستبوون و ساختەبوونی هەر یەکەیان بدۆزێتەوە. لەم ڕۆمانەدا هاوسەرەکەی پیربال لە وەها دۆخێکدا دەژی و وەکو ڕۆماننووس بۆمانی دەگێڕێتەوە؛ "ئەم دوو دڵییە گۆڕانێکی سەیری بەسەر خانەدا هێنا لە ڕۆژێکا، چەند جار خۆی گرژ دەکردەوە و تورەیی سەر هەڵدەدا. نەعلەتی خۆی و ڕۆژانی ساوایشی دەکرد و خۆشەویستی پیربال بەسەر دێوجامەی پیرەرا زاڵ دەبوو لە پاڵیشیا لەگەڵ گڕی

دەماری دەستە خۆشەکانیا دەژیا"(بۆتانی، ١٩٩٧: ٢٢)، لە لایەکەوە خۆشەویستی مێردەکەی زاڵ دەبێت بەسەر خۆشەویستی دۆستەکەی و لە لایەکی تریشەوە موچڕکە خۆشەکانی دەستی پیرەری دۆستی، خۆشییان پێدەبەخشێ.

زۆرجار دەمامک بۆ شاردنەوەی ئەو دیوەی ژیانی مۆرڤەکانە کە نایانەوێ پێیەوە بناسرێنەوە و بە جۆرێک هەست بە لەدەستدانی شکۆ دەکەن بە ئاشکرابوونی و لە بەرانبەردا چونکە ئەوە باری ڕاستەقینەی ژیانی ئەوە، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دەمامکێکەوە وێنەکە بە پێچەوانەوە نیشانبدات و لە ڕۆمانەکەدا لەسەر زمانی کارەکتەرێکەوە باسی کەسێک دەکات کە نۆکەری بەرپرس یان دەوڵەمەندەکانە لە کاتێکدا ئەو کەسە لە لای خاوەنەکەی وەکو نۆکەر و کۆیلە وایە، بەڵام کاتێک دێتە ناو خەڵک و لە بازاڕ و شوێنەکاندا دەردەکەوێت ئەوا خۆی وەک پاڵەوان دەردەخات (بۆتانی، ١٩٩٧: ٣٩) و دووفاقی لەو کەسەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە بۆتە نەستێکی گشتی لە ناو ئەم جۆرە کەسانەدا و لێیان جیانابێتەوە، ئەمەیان دەمامکەکە لە فۆڕمی کۆمەڵایەتیدایە بۆ مەبەستی شاردنەوەی لاوازی و قەرەبووکردنەوەی ئەو لاوازییە بە پۆشینی دەمامکێک بۆ دەرکەوتن لە بەرگێکی بەهێزدا.

لە دیمەنێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا چاومان بە نموونەیەک لەو جۆرەی دەمامکە دەکەوێت کە مرۆڤ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو و لە ئان و ساتێکی دیاریکراودا دەیپۆشێت و وەکو لە ڕۆمانەکەدا دەبینین (پیرباڵ) و دکتۆر (پیرەر) پێکەوەن و لە عەیادەکەی دکتۆر (پیرەر) لەبارەی نەخۆشییەکەی پیرباڵەوە گفتوگۆ دەکەن لەو کاتەدا پیرباڵ بە ناخی خۆیدا دەچێتە خوارەوە دەڵێت: "من گەرەکمە ئێوە بگەیێنمە ئەو ڕاستییەی کە من نەخۆش نیم و ئێوەن نەخۆش. خانە نەخۆشە... هەست بەوە ناکەن کە شەو بوێری ناکەم، تا کپ دەبێ و ئیتر بیر لە ئێوە ناکاتەوە دەمەوێ ڕاستییەکان باسبکەم.."(بۆتانی، ١٩٩٧: ٨٠)، لەم مەنەلۆگە داخراوەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ماوەیەکی زۆرە خێزانی پیرباڵ و دکتۆر و زۆر خەڵکی تریش وایان زانیوە کە پیرباڵ نەخۆشیی دەروونی هەیە و بەردەوام بە دەمامکی نەخۆشێکەوە تەماشایان کردووە، بەڵام

لێرەدا دەردەکەوێت کە پیربالْ نەخۆش نییە و دەمامکی کردووە، ئەم دەمامکەش لـە فـۆڕمی کۆمەڵایەتیدایـە بـە مەبەسـتی شـاردنەوەی ڕاسـتی و هەڵخەڵەتانـدنی دەوروبەر وایکردووە.

له بەرانـبەر ئەو جـۆرەی دەمامکـە کە مرۆڤێـک بـۆ مەبەسـت و کـاتێکی دیاریکراو دەیپۆشێت، جۆرێکی دیکەی دەمامکمان بەرچاو دەکەوێت کە مرۆڤ وەکو ناسنامەی کەسی دەیەوێت بۆ هەمیشە بەکاریبهێنێت وەکو خۆدەرخستن له فـۆڕمی کەسـێکی زیـرەک یـان کەسـێکی بـاش. (پیـرەر) کـە کارەکتـەرێکی سـەرەکی ڕۆمانەکەیە لە ڕێگەی کارەکتەرێکی تری لاوەکی کـە (پـووره مـەنیج)ە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە کەسێکی خراپ بووە بەڵام خـۆی بـە باش نیشـانداوە هـەروەک دەڵێـت: "ئـەی خـەریک نـەبوو مـاڵم وێرانکـا، کچـم بـە دوو منالـەوە هەڵگرێ؟ بە هەزار حاڵ لە داویم ڕزگار کرد. بە خۆی و ماڵ و مناڵ و مێردەوە ڕەوانەی شارێکی ترم کـردن ئێسـتاش زەرد و زەعیفی دەسـتی ئـەوە..."(بۆتانی، ١٩٩٧: ١٠٧)، ئەوەی کە قسەکەشی بـۆ دەگێڕدرێتـەوە خانـەی خێزانی پیربالـە و دۆسـتی پیرەرە, بۆیـە کـە پووره مـەنیج ئەوانـەی بـۆ بـاس دەکـات، خانـە تـرس دایدەگرێت و تێدەگات کە دکتۆر پیرەر دەمامکی کردووە لە فۆڕمی کۆمەڵایەتیدا بۆ مەبەستی هەڵخەڵەتاندن بەکاریهێناوە.

بەکارهێنـانی دەمامـک تەنیـا بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەسـانی دەوروبەری دوور نییە و تەنانەت ئەندامانی یەک خێزانیش ئەگەری ئەوەیان هەیە لە بەرانبەر یەکتردا دەمامک بپۆشن. خانەی کارەکتەری ڕۆمانەکە  ئەم حاڵەتەی بەرانبەر بە مێردەکەی هەیە و لە کەسێک دەگەڕێ هەتا دەردە دڵی خۆی بۆ بکات. دەچێتـە ماڵی پورە مەنیج ئەویش قسەی بۆ دەکات و دەڵێت:

"ـ بەڵکو خوا شیفای خێری لەسەر دەستی پیرەر هێنابێ!

ـ منیش حەز دەکەم شەونخونی بە دیارەوە نەکێشم!

وەنــەبێ قســەکانی لــە

دڵـەوەبێ. کارەکـە بـە جـۆرێ هەڵگـەڕابۆوە حەزیـدەکرد توشـی دڵ بـێ و لـەم تەلسمە ڕزگاری بێ"(بۆتانی، ١٩٩٧: ١٠٨)، کەواتە ئەم کارەکتـەرە کـە خانەیـە لـە

دڵەوە پیاوەکەی خۆی خۆشناویێ, بەڵام لەبەرچاوی پورە مەنیج و دەوروبەری بە مێردەکەیشیەوە بەسەر خۆی ناهێنێت، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەم ئافرەتە بۆ ڕاگرتنی بەرژوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەمامکێکی کۆمەڵایەتیی پۆشیوە و دەیەوێت لە ڕێگەیەوە ڕاسیتییە تاڵە قەدەغەکراوە کۆمەڵایەتییەکان بشارێتەوە گەرچی حەزی دڵیشی بێت.

(زاریێ دۆم) کارەکتەرێکی لاوەکی ناو ڕۆمانەکەیە قاوە بۆ خەڵک دەگرێتەوە و دەستیان دەخوێنێتەوە لە کاتێکدا دەستی خانە دەخوێنێتەوە پێی دەڵێت: "

- ئەوە دزیشت کردووە؟

- دزی؟ .... ئا... سکم چۆنت ... زانی؟

-- دیارە کەس پێی نەوتووی؟ دەبێ مێردەکەت چیکردبێ؟

زاریێ نەک تەنیا ناوی پیربالی دەزانی، بەڵکو لە ئاشناش پتر بوو، بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا. دەیزانی نەک هەر پێی زانیووە، بەڵکو لە ڕووداوەکەش ئاگادارە"(بۆتانی، ١٩٩٧: ١١١)، ئەم کارەکتەرە (زاریێ دۆم) بە خۆ واپیشاندانی کە هیچ لە بابەتەکە نازانێ دەمامکی بەکارهێناوە لە فۆڕمی کۆمەڵایەتیدا بە مەبەستی یاری پێکردن، چونکە وەکو لە ڕۆمانەکدا هاتووە زاریێ دۆم دەیزانی کە پیربالی مێردی خانە نەزۆکە و منداڵی نابێ و دەشیزانی کە پیربال ئاگادارە بەوەی کە خانەی خێزانی خیانەتی لێکردووە، بەڵام زاریێ دڵنیا نییە و نازانێت سکەکەی خانە لە کێیە.

کاتێک باپیر بە دوای پیربالی برایدا دەگەڕێت و سۆراغی دەکات کە دەگاتە پێش دوکانی پیربال، دەبینێت دەرابەکە دادرابوەوە و لە دراوسێیەکەی دەپرسێت، دراوسێکەش بێدەنگ دەبێت، "لە هاوسێیەکەی پرسی ئەویش خۆی گێل کرد. لە ناخیشا وەڵامی دایەوە. (... لەو ڕۆژەوە وەکالەتیان لێ سەندۆتەوە، کێچ کەوتۆتە کەولی. ئاگای لە خۆی نەماوە، چەند ڕقی لێم بوو کە

وەکالەتەکەیان دایە من، پتر ڕقی لێم هەڵسا... سەلامی بەیانیانیشی نەما... چاوی دەریێ! ... ئەوەندەم پارە لە قوڕگیا کرد، بە شەش مانگ نایەمەوە مایە)..."(بۆتانی، ١٩٩٧: ١٣٦). لەم دەقەدا تێدەگەین کە دراوسێکەی پیربال لە دوکاندا لەگەڵ پیربال نێوانیان ئەوەندە باش نەبووە، بۆیە کە باپیر پرسیاری لێدەکات ئەو هیچ بەسەر خۆی ناهێنێت، بەڵام لە ناخەوە ڕقی لێیەتی و بە خۆگێلکردنی و بۆ شاردنەوەی ڕقەکەی دەمامکێکی کۆمەڵایەتی دەپۆشێت و ڕووداوەکان تێدەپەڕێنێت.

هەموو ئەم نموونانەی کە خرانەڕوو بەشێک بوون لەو کۆمەڵە نموونانەی کە تێیدا کارەکتەرەکان دەمامکی کۆمەڵایەتی بۆ مەبەستە جیاوازەکان دەپۆشن و لەبەرئەوەی ڕۆمانەکە ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی هەیە بۆیە بەشی هەرە زۆری دەمامکەکان لەم جۆرەن.

**ئەنجامەکان:**

پاش لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە لە بابەتی (ڕەنگدانەوەی دەمامک لە ڕۆمانی (درز)ـی کاکەمەم بۆتانیدا) گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١ـ نووسەر لەم ڕۆمانەدا وێنەیەکی جوانی کۆمەڵگە دەکێشێت لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کە پڕ لە پۆشینی دەمامکی کۆمەڵایەتی بووە.

٢ـ دەمامک لەم ڕۆمانەدا مرۆڤی بەرەو چارەنووسێکی خراپ بردووە, چونکە مرۆڤەکان لە باری ڕاستەقینەی خۆیان دووردەخاتەوە. واتە ناتوانن خۆیان بن و بەردەوام توشی شاردنەوەی بەشێک لە ڕاستییەکانی خۆیان و ژیانیان دەبن.

٣ـ مەبەستەکانی بەکارهێنانی دەمامک لەم ڕۆمانەدا چەند مەبەستێکی دیاریکراو بوون ئەوانیش (شاردنەوەی ڕاستی،

شاردنەوەی پەستی، شاردنەوەی خەم و خەفەت، شاردنەوەی ئازار، گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی، شاردنەوەی تورەیی، هەڵخەڵەتاندن و یاری پێکردن).

**پەراوێز:**

* پێرسۆنا: نوێنەری گشتی تاکە لەبەردەم کۆمەڵگادا، وشەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە وشەی کەس و کەسێتی ( person, personality)یەوە هەیە و لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراوە کە لە ئەسڵا مانای دەمامک دەگەیەنێت. (کارل گۆستاڤ یۆنگ، مرۆڤ و هێماکانی، و/ ئاوات ئەحمەد: ٢٠٠٥: ل ١٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ ١، سلێمانی).

**سەرچاوەکان:**


- احمد رشوان، حسین عبدالحمید، د. ، ٢٠١٠، علم الاجتماع النفسي، مؤسسة الشباب الجامعة، مصر، الأسكندرية.
- ئەرستۆ، ٢٠٠٤، هونەری شیعر (شیعرناسی)، و/ عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی ڕینما، سلێمانی.
- انترنیت، ( https://alkinaa.wordpress.com )، ٢٠١٢/٩/٢٤، الأقنعة المختلفة التي نرتديها.
- بۆتانی، کاکەمەم، ١٩٩٧، درز، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- تێری ئیگڵتن، ٢٠١٦، تیۆری ئەدەبی، و/ عەتا قەرەداغی، ناوەندی ڕۆشنبیری هونەری ئەندێشە، سلێمانی.
- سالمي، عبدالمجيد، د. وآخرون, ١٩٩٨، معجم مصطلحات علم النفس (عربي ـ فرنسي ـ إنجليزي)، دار الكتاب المصرى/ اللبناني.
- عەبدوڵڵا، پێشڕەو، ٢٠١٣، دەروونشیکاری شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

- قەرەچەتانی، کەریم شەریف، د. ، ٢٠٠٥، تیۆرەکانی کەسایەتی، گ، کاروان، ژ: ١٩٦، وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەولێر.
- مورنو، انتنیو، ١٣٨٦، یونگ، خدایان انسان مدرن، ترجمه داریوش مهرجویی، چاپ چهارم، نشر مرکز، تهران.
- يونغ، كارل غوستاف، د. ، ١٩٩٧، جدلية الأنا واللاوعي، ت/ نبيل محسن، دار الحوار، سورية، اللاذقية.
- يونغ، كارل غوستاف، د. ، ٢٠١٥، الكتاب الأحمر، دار الحوار، سورية، اللاذقية.
- یونگ، کارل گوستاو، ١٣٧٩، روانشناسی و کیمیاگری، ترجمه پروین فرامرزی، چاپ دوم، استان قدس رضوی، مشهد.
- یۆنگ، کارل گۆستاڤ، د. ، ٢٠٠٥، مرۆڤ و هێماکانی، و/ ئاوات ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**ملخص:**

هذا البحث الموسوم بـ(إنعكاس القناع الأجتماعي في رواية (درز) لكاكمم بوتاني)، بحث في النقد التطبيقي، إذ يقصد بالقناع تلك الأنماط البدائية التي يتقنع بها الإنسان في بدايات أمره كي يظهر في المجتمع على النحو الذي يريده.

وقد تحدث عن هذه الأنماط البدائية العالم (كارل غوستاف يونغ) وحللها، وبين القناع كظاهرة في الحياة، انعكست في النصوص الأدبية، ولفتت انتباه الباحثين، وتجاوز القناع والتقنع في بدايات التاريخ الفرد ليصبح من اللاشعور الجمعي على مستوى المجتمع، ونقلت هذه الظاهرة عن طريق اللاشعور إلى الأجيال اللاحقة.

وتكون البحث من فصلين، برز في الفصل الأول مصطلح القناع وتعاريفه، مع الأغراض المؤدية لاستعماله، وأظهرت في الفصل الثاني الأغراض والأشكال المختلفة للقناع في نص الرواية، وتتمثل في الشكل الديني، والشكل الاجتماعي

والشكل السياسي، وذكرت في الختـام نتـائج البحـث مـع قائمـة المصـادر والمراجـع المستعملة فيه.

**Abstract:**

This study, entitled **-"The Reflection of Social Mask in Kaka Mam Botani's novel 'Dirz'**, is a critical and practical research as well. Mask is a type of elementary form by which a human being wears as soon as possible so as to be known, as he/she intends, in the society.

This elementary form has been described and analyzed by Carl Gustavo Yung. Mask whether as a phenomenon in life or as a phenomenon in literary texts, has been reflected, and has attracted the attention of writers.

Since the onset of history, mask and masking had become a general unconscious and had turned away from individualism. The phenomenon is genetic, and is transformed from one generation to another.

The study comprises two parts and some axis. in the first part, the concept and the definition of Mask have been stated. The purposes behind using Mask have been dealt with in this part. The second part studies the application of these purposes and different forms of Mask on the novel. The forms are religious, social and political as well. Finally, the drawn conclusions and references are presented.